# دینارێک خەرجت کردبێت لە پێناو الله، ودینارێك خەرجت کردبێت بۆ ئازاد کردنی بەندەیەک، ودینارێک وەکو خێر ببەخشیت بە هەژارێک، ودینارێک خەرجت کردبێت لەسەر خاوخێزانت، وگەورەترینیان لە پاداشتدا ئەوەیانە کە خەرجی دەکەیت لەسەر خاوخێزانت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دینارێک خەرجت کردبێت لە پێناو الله، ودینارێك خەرجت کردبێت بۆ ئازاد کردنی بەندەیەک، ودینارێک وەکو خێر ببەخشیت بە هەژارێک، ودینارێک خەرجت کردبێت لەسەر خاوخێزانت، وگەورەترینیان لە پاداشتدا ئەوەیانە کە خەرجی دەکەیت لەسەر خاوخێزانت».
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێك لە جۆرەكانی خەرجی باسكرد، فەرمووی: دینارێك كە خەرجی دەكەیت لە پێناو الله، دینارێك كە خەرجی دەكەیت لە ئازاد كردنی بەندایەتی وكۆیلایەتی، ودینارێك كە خەرجی دەكەیت بۆ خێر كردن بە هەژارێكی پێویست، ودینارێك كە خەرجی دەكەیت لە سەر خاوخێزان ومنداڵەكانت، پاشان ڕایگەیاند كە مەزنترینیان لە خێرو پاداشت لە لای الله ئەوەیانە كە خەرجی دەكەیت لەسەر خاوخێزان ومنداڵەكانت وئەوانەی واجبە خەرجیان لەسەر بكەیت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5813

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee